# باوكێك پێنج ساڵ دەستدرێژی سێكسی دەكاتە سەر كچەكەی

## كچەكە لەدادگا:

## باوكم ماوەی پێنج ساڵە دەستدرێژی سێكسیم دەكاتە سەرو وەك دایكم مامەڵەم لە تەكدا دەكات !

**تامان شاكر –هەولێر/** باوكێك دوای مردنی هاوسەرەكەی بۆ ماوەی 5 ساڵ لەپشتەوەڕا سێكس لەگەڵ كچە 23 ساڵەكەی دەكات و كچەكە لەبەردەم داداگادا دانی بەوراستیەدانا كە باوكی سێكسی لەگەڵ كردووەو وەك ژنی خۆی هەڵسوكەوتی لەتەكەدا كردووە، بۆیە كچەكە سكالاّ لەدژی باوكی تۆمار دەكات، باوكی دەستگیر دەكرێت و دان بەتاوانەكە دادەنێت.

كەسێكە نزیكی دۆسیەی ئەم تاوانە كە نەیویست ناوی خۆی بۆ (میدیا) ئاشكرا بكات گوتی "ئەم رووداوە كە لەیەكێك لەشارۆچكەكانی كوردستان روویداوە زیاتر لەدرامایەكی دڵتەزین دەچێت، پێویستە بۆ پەند وەرگرتن، پەردەی لەسەر لابدرێت و قسەی لەسەر بكرێ".

كچەكە ئەو رووداوە لەزمانی خۆیەوە بۆ دادگەو دادوەران باسدەكات و دەڵێت " باوكم پێنج ساڵە لەپشتەوەڕا دەستدرێژی سێكسیم دەكاتە سەرو وەك دایكم مامەڵەم لە تەكدا دەكات".

هەروەها ئەو كەسە باسی لەوەكرد كە باوكێك لەجیاتی بەجێهێنانی ئەرك و سۆزی باوكایەتی، دەبێتە بوونەوەرێكی دڕندەو دەكەوێتە گیانی جگەر گۆشەكەی، گوتی" لەپاش مردنی دایك و بەجێمانی دوو كوڕو دوو كچ، كچە گەورەكە جێگای دایكی دەگرێتەوە لەبەڕێوە بردنی ئەركی ناوماڵ، باوككەش بەبیانووی ئەوەی منداڵەكانی خۆشدەوێت و نایەوێ بیاندەداتە دەستی باوەژن، بریار دەدات كەژن نەهێنێت و بەدیار منداڵەكانییەوە دانیشێت و بەباشی پەروەردەیان بكات". ئەو ئاماژەی بەوەش كرد كە هەستی نارەواو ئارەزووە سێكسیەكانی ئەو باوكە فشاری بۆ دەهێنن و بەرگەی تەنهایی ناگرێت و چاوی تەماح دەبڕێتە جگەر گۆشەكەی.

ئەو كاتێك قسەی بۆ (میدیا) دەكرد، بەسەرسامیەوە گوتی "ئەو كچە دەبوا تەنها لەكاروباری ناوماڵ و پەروەردەی خوشك و براكانی شوێنی دایكی بگرێتەوە نەك ژووری خەوەكەی دایكی لەگەڵ باوكی بەش بكات و ببێت بەهاوسەری شەوانی باوكی و ئارەزووەكانی دابمركێنێتەوە".

وەك لەقسەكانی دادوەرەكە دەردەكەوێت، باوكی كچەكە نەیویستووە كچێنیی كیژەكەی سەر ببڕێ و منداڵێكی ناشەرعی چاوی بەدونیا بكاتەوە، لەترسی ئەوەی منداڵەكانی تریش هەست بەو پەیوەندییە نەكەن، گوتی "بۆماوەی پێنج ساڵ لە پشتەوەڕا، لەگەڵ كچەكەی كارە سێكسیەكانی ئەنجام داوە".

دوای ئەوەی كچەكە عاشق دەبێت و باوكیشی بەو پەیوەندییە رازی نابێت و بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدات ڕێی پێبگرێت و دژایەتی مێركردنەكەی دەكات، كچەكەش لەباوكی هەڵدەگەڕێتەوەو بۆ خۆدەرباز كردن لەم گێژاوە، پەنا بۆ دادگە دەبات و سكالاّ لەدژی باوكی تۆمار دەكات، دادوەر دەڵێت "دادگە دوای ئەوەی كچەكە دەنێرێتە لای پزیشكی دادوەریی ،ئینجا بڕیاری دەستگیركردنی باوكەكەی دەدات".

دادوەری دادگە بڕیاری نەداوە کە چ سزایەك  شایانی ئەو باوکەیە کەرۆحی کچەکەی کردووەتە قوربانی حەزێکی قیزەونی ناپاك و ناباوکانەو، هۆکاری بێدەنگی کچەکەش لەو ماوە دوورودرێژەدا، سەدان پرسیاری تر دەورژێنی بۆیە دادوەر دەیەوێ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دەستگیر بێت، بەر لەوەی بریارێك بەرامبەر ئەم تاوانبارە بدات .

رەنگە رووداوی لەو جۆرە رۆژانە لێرەو لەوێدا دووبارە ببنەوە، بێئەوەی خەڵکی لێیان بەئاگا بێتو رایانبچڵەکێنی و بیانخاتە بەر بیرکردنەوە، بەپێچەوانەی ولاّتانی پێشکەوتوو بچوکترین رووداوی لەوجۆرە لەمیدیاکاندا بەشێوەی هەواڵ و ریپۆرتاژ سەر بەهەموو ماڵێکدا دەکات. چەند ساڵێك لەمەو بەر کارەساتێکی ئاوا میدیای ئەڵمانیای هەژاند، کچێك منداڵی لەباوکی خۆی ببوو, دوای چەند ساڵێك لەدادگەی ئەو ولاّتە سکاڵای لەسەر باوکی تۆمار کردبوو! ساڵی رابردووش لە یەکێ لە کەناڵەکانی تیڤی ئەڵمانییەوە  خوشك و برایەکیان دواند کە بەیەکەوە مناڵێکیان دروست کردبوو، زۆر بە ئاسایی دەیان وت ئەو منداڵە هی ئێمەیەو بەرهەمی خۆشەویستیمانە و خۆشمان دەوێت و پەروەردەی دەکەین . لەولاّتی ئێمەشدا کەم یان زۆر کێشەی لە بابەتە هەن، بەلاّم  لەترسی قسەی خەڵكو ناوزڕانی بنەماڵە, کەس ناوێری باسی ئەو گرفتانە بکاتو بەکوشتنی کچەکە کۆتایی بە مەسەلەکە دێت..

ئەگەر بەناخی مەسەلەکەدا شۆڕ ببینەوە، ئەو پرسیارە لەلای مرۆڤ دروست دەبێت کە چی وا لەباوکێك دەکات، وەك ژنی خۆی سەیری کچەکەی بکاتو رەفتاری لەتەکدا بکات؟ ئەی کۆمەڵگەی ئێمە چۆن لەتەك ئەم کارەساتانەدا رووبەڕوو دەبێتەوەو چ رێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی دەستنیشان دەکات؟

 لەرووپەڕی رۆژنامەکان زۆرجار باسو بابەتی وا بەرچاو دەکەون، بەلاّم کەس ناوێری ناوی کەسانو شوێنی رووداوەکە ئاشکرا بکات، بابەتەکان زۆر جار وەك چیرۆك دێنە بەرچاو.بەلاّم ئەو رووداوەی کە هەموو مرۆڤێك سەرسام دەکات، رووداوێکی راستەقینەی خێزانێکی کوردە ولەم کوردستانە رووی داوە..

 لە ولاّتی ئێمەدا بەدەگمەن باوك و برایەك دەستدرێژی دەکەنە سەر کچو خوشکی خۆیان، بەلاّم لەزۆر شوێندا دایکان لەدەرەوە کار دەکەنو سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانین، ئەوەش رێگا لەبەردەم کەسانی نزیكو دۆستی خێزانەکە دەکاتەوە هەتا بەشێوەیەك لەشێوەکان نزیکایەتیەك لەگەڵ منداڵەکان دروست بکەنو لەکاتی ونبوونی چاوی دایك لەماڵەکەی، ئەو هەلە بقۆزنەوەو دەستدرێژی بکەنە سەر منداڵەکانو لەو بوارەشدا نموونە زۆرە. .لەولاّتێکی وەك ئەڵمانیا لەهەر دوو دەقەیەکدا، منداڵێك دەستدرێژی دەکرێتە سەر و لەولاّتی ئێمەدا هیچ ئامارێك لەو بارەوە بەدەستەوە نەدراوە.ئەو کێشەییەی ئێمە کێشەی ناویەك خێزانە ، کێشەی  باوکێکی چاو چنۆك و بێبەزەیی و بێویژدانە، کێشەی ئەو کەسانەیە،  کە دەست لە هیچ ناگێڕنەوەو بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیانو پەلاماری جگەرگۆشەکانیشیان دەدەن،و ژیانیان لێدەشێوینن و لەبەردەم بەختەوەریاندا دەبنە بەربەستو تانەیەکی رەش بە نێو چاوانیاندا. ئاخۆ دەبێت  چەندان کەسی نموونەی ئەم کچە هەبن کە کێشەکانیان بە نهێنی ماوەتەوە؟ چەندان باوکی وا بێویژدانیش هەبن، وەك ئەو باوکەی لەپشت شیشە ئاسنینەکانی زیندانەوە لەچاوەڕوانی سزای مەرگدا بژین.